# میدیا MEDIA

بێلایەنی پێشەیی و سەربەخۆیی کوردستان

خاوەن ئیمتیاز
غەفوور مەخمووری

سەرنووسەر
شاخەوان خالید
shakhewan@yahoo.com


## ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەی میدیا

بەدرێژایی ٢٠ ساڵ بەردەوام بوون لە دەرکردنی، ڕۆژنامەی میدیا خزمەتێکی بێوچانی بواری ڕۆژنامەوانی کوردی و خوێنەرانی ئازیزی کرد، بەڵام بەهۆی نالەباری باری دارایی بەتاییبەت ئەوە بۆ زیاتر لە دوو ساڵ دەچێ بودجەی حیزبەکان و YNDK ڕاگیراوە، بۆیە بەشـــێوەیەکی کاتی ڕۆژنامەی میدیا ڕادەگرین و لەگەڵ چاکبوونی بواری دارایی باشووری کوردستان ڕۆژنامەکە بە فۆڕم و بەرگێکی نوێوە دەردەکەینەوە. ڕێزی زۆرمان بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان هەیە و سوپاســـی هەموو پەیامنێر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هاوکار بوونە لەدەرکردنی ڕۆژنامەکەمان و داوایان لێدەکەین لەگەڵمان بەردەوام بن و نووسینەکانیان بۆ ئاژانسی هەواڵی میدیا www.yndk.com بنێرن بۆ بڵاوکردنەوەیان.


ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەریدەکات | ژمارە (٦٤٥) ٢٠١٥/١٢/١ ١٠ی سەرماوەز ٢٧١٥ کوردی | نرخ (٧٥٠) دینار | www.yndk.com




د.ئیسماعیل حەمید: کۆلێژەکەمان ئەمساڵ لەمەخموور نۆبەرەی دەردەچێت
5




فەیسبووک خزمەتگوزارییەکی نوێی بۆ پەیجەکان زیاد کرد
6



گۆتزە بەهیوای گەڕانەوەیە
7



گەنج بۆ کۆچ دەکا؟
دادوەر/ موسلح گەیلانی
10

### غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی ASMAL لە لاهای:

# چارەسەری پرسی کورد سەربەخۆیی کوردستانە و پشتیوانی نەتەوە بندەستەکان دەکەین بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان



**◇ میدیا - لاهای**

ســـکرتێری گشـــتیی YNDK لـــە لاهای بەشداری سێیەمین کۆنگرەی ASMAL ی کردو لە وتارێکدا وێرای هیوای ســـەرکەوتن خواســـتن بۆ کۆنگرەکە، داوای کرد نەتەوە بندەستەکان هاوکارو پشتیوانی یەکتربن.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شـــەممە ڕێکەوتی ٢١ / ١١ / ٢٠١٥، غەفوور مەخمووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK بەیـــاوەری هەڤـــاڵ شـــێرزاد عەلی نوێنەری تایبەتی ســـکرتێری گشـــتیی YNDK لە ئەورووپـــا، لە لاهای لـــە هۆڵەنـــدا ئامادەی ســـێیەمین کۆنگرەی سیاســـی بزووتنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەبـــی ئەحوازASMAL بـــوون، ئەمەو لـــە کۆنگرەکەدا وتـــاری YNDK لەلایەن سکرتێری گشتیی YNDK پێشکەش کراو، سکرتێری گشـــتیی YNDK لە وتارەکەیدا داوای هاوکاری و بەیەکەوە کارکردنی نەتەوە بندەســـتەکانی ناوچەکەی کـــردو، وتی: ( لەسەر ئێمەی نەتەوە بندەستەکان پێویستە کار بـــۆ هەماهەنگی و بەیەکـــەوە کارکردن بکەین، بۆئـــەوەی وەک ژمارەیەکی بەهێزی نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بوونی کاریگـــەری خۆمـــان بســـەلمێنین و، کار بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان بکەین. )، هەروەها مەخمووری لە وتارەکەیدا جەختی کردەوە سەر ســـەربەخۆیی کوردستان وتی: (ئێمـــە وەکو YNDK چۆن چارەســـەری پرســـی کورد لە ســـەربەخۆیی کوردستاندا دەبینینـــەوە، بەهەمان شـــێوە پشـــتیوانی نەتەوە بندەستەکان دەبین بۆ وەدەستهێنانی مافـــە نەتەوەییەکانیـــان بـــە ڕاگەیاندنـــی سەربەخۆیی خۆشـــیانەوە). دەقی وتارەکە لە لاپەرە ٣ بخوێنەوە.

## کوشتنی تاهیر ئەلچی سیاسییە
4




## شاندێکی YNDK بەشداری ساڵیادی کۆچی دوایی خاتوو دانیال میتران دەکات
11



## میدیا زانیاری گرنگ لەسەر کێشەکانی خورماتوو ئاشکرا دەکات
3



## ڕزگارکردنی موسڵ نزیک دەبێتەوە
8



## توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بەردەوامە
9